# له چوارەمین ساڵیادی گیانبەختکردنی هاوڕێیان "عەبدول، هاوکار، هاوڕێ،کەریمو ئومێد"دا چەپکە گوڵی ڕێزو وەفا لەسەر گۆڕەکانیان لە شاری سلێمانی دانرا

سەر لە بەیانی رۆژی پینج شەممە بەرواری 14-7 بۆ ریزگرتن لە یادی هاوریان (کەریم، ئومید، هاوکار، عبدول، هاوری) کەلە 14-7-2000 دا لەلایەن هیزەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوە تیرۆر کران، بە بەشداری کاژاو جەمال ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەلیك لە هاوریان و دۆستانی حزب و کەس و کاری ئەو هاورێیانە لە سەر گۆرەکانیان لە سەر قەبرانی سەیوانی شاری سلێمانی کۆبوونەوە. لەم رێورەسمەدا وێرای یادکردنەوەی یادی ئازیزی ئەم هاوڕێیانەو پەیمان تازەکردنەوە بۆ درێژەدان بە رێگاکەیانو هێنانەدی دنیای ئازادیو یەکسانیو خۆشبەختی ئینسانەکان کە ئەو ئامانجە پیرۆزەی ئەم هاوڕێیانە بوو کە گیانیان لەپێناویدا بەخت کرد، چەند دەستە گوڵێك کە لەلایەن کۆمیتەی سلیمانی حزبەوە بۆ یادی چوارهەمین سالرۆژی گیان لەدەستدانیان ئامادە کرابوو لەسەر گۆرەکانیان دانرا. دوای نزیك بە سەعات و نیوێك رێورەسمەکە کۆتایی کۆتایی پێهات.

